

دەریـا ڕەوانـدزی

## مردن و ژیان

1

دار دەمرێت
گەر وەرزەکانی ساڵی لێ
تێك بچێ
لەم گەردونە
هەموو شتێ
ریتمی ژیان
لەدەست دەدا
نە کەناریەکان دەخوێنن
نە دەنگی "با" دەبیستین
نە هەورێ بەری خۆر دەگرێ
نە گەڵای سەوز دەبێ
ئیتر هیچ وەك خۆی نامێنێ
وەرە بەر لەوەی
وەرزەکانیساڵ تێك بچێ
ناخم خاڵی بکەوە
لەعیشقی خۆت.!

2

ئەگەر دوو دڵدار
لەکاتی خۆر ئاوابوون
لەئامێزی یەکتر نەبن

وەکو ماسی و ئاو
تێکەڵ نەبن و
ماچی لێوان نەکەن
دەریا بەبێ شەپۆل
لەناخەوە دەمرێ
ئاو بەبێ دەنگ
بەلای چەم و روبار تێدەپەڕێ
ئیتر ئێوارەیەك وەرە
لەکەناری دەریا
ئارام بگرەو
بۆ هەتایە
بمێنەوە.!

3

باخەکان وشك دەبن
گەر هەموو شەوێك
ئەستێرەکان
نەجریوێنن
هەنارەکانیش
لێوی سوریان نیشان نادەن
بەهەموو رێبوارێك
نامەوێ تۆ هەر رێبوار بی
وەرە ماڵێك دروست بکەین
لەخۆشەویستی و ژیان.!

4

لەو شوێنە بوەستە
کە ژیان تێیدا ئاسودەییە
تۆ نازانی...
گەر ژیان ئاسودەیی نەبێ
مرۆڤەکان
شایستەی مردنێکی خێران
لەهیچ شوێنێ مەوەستە
خۆم چاوەڕوانی تۆم
ژیان و ئاسودەییت
پێببەخشم.!

5

لەودیو کەنارەکانی دەریا
ماسیەکان خۆیان دەشۆن
لەبەرئەوەی دەزانن
زەمەنێکە دەریا
لەناخەوە دەگری و
فرمێسکەکانی وشك ناکات
نازانی چەند سەختە
برینەکانی ناخی دەریا.!

6

ئەگەر عیشق
لەناخت بمرێ
دڵ ون دەبێ
رەنگە بەردێ
لەسینەی تۆ
لێبدات و
ژیانت پێی بەردەوام بێ
هیچ رێگە مەدە
عیشق لەناخت بمرێ
خەمی خۆم نییە
خەمی تۆمە.!

7

مرۆ دەمرێت
گەر بەخششی سەرسوڕمان
لە دەست بدات
گەر چیتر سەرگەرم نەبێت بۆ ژیان

8

ئاو دەمرێت
گەر رێچکەی خۆی وون بکات
گەر تینیوێتێک نەشکێنێت

9

زەوی دەمرێت
گەر دانەوێڵە نەروێنێت
گەر چیتر نەتوانێت
گۆرانی بۆ ژیان بچڕێت

10

ئەگەر وەرزەکانی ساڵ
تێک بچێ
زەوی و ئاسمان
متمانەیان بەخۆ نابێ
ئەگەر تۆ نەبی
دەبێ دەریا چۆن بێ؟.!

کەنەدا/ ئەلبێرتا
دەریا ڕەواندزی